# هەموو كەسێك

# ئەستێرەیەكی هەیە لێی هەڵبێ



سەباح رەنجدەر

ئافرەت بەهەشت دەخرۆشێنێ
تەمەنی ئاڵەكۆكیش بەشی
شەڕی مانەوە لەگەڵ ژیان دەكا
تەم لەسەر سەكۆم لادەدا
متمانەی خەونێكی پڕ دەستنووسم دەداتێ
سەرەتای لەناو دروست بكەم

چەکەرەی زەمینیمو گوێشم
لەئاوازو ئاهەنگی بەهرەو سرووشە
بەهرەو سرووش ئاهەنگیان لەماڵی دڵە
چ دەدرۆزمەوە ئەی پشتو پەناو خۆزگەی هەڵۆ
درەخت لەدڵەوە دوا سەمای دەکرد
لكو پۆپی سەرگەرم بەیاداشتی خانەوادەی
رەنگی سەوزێکی پاراوبێ
بۆنو شیلەش بەسەر زەویدا بڕێژێ
پاشان لەقۆزاخەی ئاوریشمدا
پاراوبێو بەر جەستەمان بکەوێ
لەبەختو بینینمان بیکاتە شاخی کەڵەکێوی
ناوچەوانی بەردی پێهەڵدەواسێن
شکۆی گزنگو زەردەپەڕ
لاپەڕە نووستووەکانی هەڵدەدەنەوە
بەرد ئێسکی زەوییە
نیشانەی سەرسامییەك لەناو چاوی بریسکەی دا
رەزێکی گیان پەڕەکراو
کە دەستی لەسەر دڵی لاچووە
گۆپکەکەم هۆگرن بە لکەکانی
گەڵا پیتێنیش تێیدا ساردوسڕ
ناوی میوەکانی خۆشی لەیادکردووە
بەڵام گەشە لێوی بەخێر جووڵاون
هەمیشە خۆیان بەبیردەهێننەوە
دەکەونە بیرکردنەوەش
کاتژمێری ناوەندی شار لێی دا
سمۆرەو باڵندەو مرۆڤ
بەرەو ئێرە
پێو باڵو چاویان کردەوە
تەپوتۆز تێیان ئالا
لەم حاڵو بارەدا بزردەبن یان
سەریان لەناو زەرفی نامەیەکدا
بەلێوی منداڵ بەمەمەی شیرەوە داخراوە
دایكو باوکیش
لەنووسینەوەی رێگا نەبوونەتەوە

رێگای دیکەش بەلێوی تەڕو جوانەوە بەرەو روویان دێن
نووسینیشیان هەمووی دەبن بە
ئەشقی خوایی‌و دێنە دڵ‌و چاومانەوە
وشەکانی ناو فەرهەنگ
بەشی نووسینەوەی رێگا ناکەن
پەپوولە بەسەر تەرمەوە نیشتوون
ئارەقەی بنباڵیان بۆنی نەگەچڵانە
لەهەموو شوێنێك ئامادەیە خۆشەویستی
دەتوانم لەسەرە رێگاکان بوەستم
فەرامۆشیشی بکەم
بەڵام سەرسام دەبێ
چاوێکی تا هەتایەی لەناوچەوانم بەهێزکردووە
خۆشەویستی
یاداشتی هەمووشمانە
لەناوچەوانی تەڕی خانووەکانمان
شەوقێکی بێپەروایە
هەمیشە لێمان نزیکە
لەدەنگی نەرمی قورینگ دەگەڕێ
بەهۆیەوە بێتە ناو دڵمانەوە
بەگەیشتنی درەختی ناو شەقامەکانی شار
رەنگیان پاراو دەبێ
خوا پیاڵەی منی پڕکردووە
دایك‌و باوکم‌و دایك‌و باوکیان
چراو شەربەیان لە سێبەری قەڵا بۆ دانام
سێبەر گەورەبوو
خۆشیی هێنایە ناو خۆی‌و رازی درکاند
بەئارامی کۆترێك بیر لە قوربانی بکەرەوە
قەڵا تاجی سەری بەئومێدی چرادان
هەڵدایە سەر شووشەی روونی چاویلکەکەم
لەبری ئاسۆ کوڵمە پڕ دەماری چاڵاك
خۆر تەنیایی خۆی تێدا دەتوێنێتەوە
یاداشتی شارێك
کە سڵاو لە ئەستێرەی هەڵاتوو وەردەگرێتەوەو
لەگەڵ ژیانیدا نووسراو مەدالیای شکۆی بەسینگیەوەیە

هەولێر دانەوێڵەو میوەو ئاوی بۆ هەمووان هەیە
کراسی بابە نوئێلی بۆ رادەگرین تا بەتەواوی دڵ
هەڵدەبژێریٚ و لەبەر هەموومانی دەکا
فڕین بەباڵ و پیٚ و دڵ
خۆری مەزەدارە پڕ بەئاسمان وچان دەگریٚ
ئاسمان چ جوانی و خۆشەویستییەکی تێدایە
دێتە ناو هەستەکانمانەوە
هەڵفڕیوێك خۆشحاڵ و مەستی
ناو زایەڵەو رووناکیی زەماوەندی پەرییانە
لەتەك مانگ دادەبەزیٚ
دەچێتە ماڵی ئاسوودەیی
ئەریٚ دەرگای ماڵی ئاسودەیی ژمارەی چەندە؟
تاووس سیمینارێك دەربارەی جەژنی شارێك دەگێڕیٚ
کە کراسی لەبەر هەموومانە
لەناو کتێبخانە خوێن خەست و خۆڵەکەم
پیاوە داناکانی شتەکان وەك خۆیان دەهێڵنەوە
قۆپچەی کراسیان کردووەتەوە
لە کۆشکەکانیان هاتوونەتە دەریٚ
دەست بەچەقۆ دەمەبۆڵەیانە
رەنگەکان بریقەیان پێچایەوە
بەپەلەو هەڵەداوان
ئەم دەوروبەرەیان کردە ئەفسانەیەکی دوور
جەماوەرو ناوبژیوانیش تەنیا منم
مەلول و جەرگ سووتاو
لەسەر بەردێکی خاڵخاڵ کە پێشتر پێغەمبەر لەسەری
زۆر تەماشای گەردەنی ئاسۆی کردبوو
دەنووکی سووری باڵندە
یارمەتیم دەداو لاپەڕە نووستووەکانم بۆ هەڵدەداتەوە
ژنێکی خان ومان و حەکیمی قەتارچییان
کووپێك شیری لەدەستی روونی چارەنووس
بەخەلات وەرگرتووە
لە دڵنیاییدا دێت و دەچیٚ
پیتەکانی رێگاو تاسەی دیدار
جوانتر دەبنە وشەو رستەی خورپەدار

رەز گوێ لە دەنگ‌و ئاوازی پەرییان دەگرێ
ئەوجا بەری ئاشق دەبێ‌و بۆن‌و شیلە دەڕێژێ
ئاو و باخم روونبوونەوەو
دڵۆپێك خوێن لە دەنووكی هەڵۆ تكا
ئەو دڵۆپە
ژوورو بەر ژوورێكی لێ رسكا لەبلوورو چاو
نازی دەرگاكردنەوەو لێدانی كاتژمێرو لەنازنەكەوتنی
تەندوورێكی بۆ خان‌و مانانی شار
ئاگرداو وشەكانی كردە ئاردی گەنمەشامی
زایەڵەی دەنگی ئەوماڵانەی دەموچاویان باخن
لەدەمارە هەستیارەكانی مەمكی
خان‌ومان‌و حەكیمی قەتارچییان
تێر شیرو هەنگوین بوویت‌و چاوت بەرزهەڵێنا
رەچەڵەكی یەك لەدوای یەكی
پێغەمبەرەكانت ناسی
ئەو تاجبەخشە ئازایە
رەچەڵەكی پێغەمبەران بناسێ
چی تفری تەنك‌و ئەستوور هەیە
لەزمانت لایدە
شێرەی ئاو
بەزمان جوان دانانە ناو جۆگە جەزبەدارە
منی تاجبەخش‌و عەودالی
باو ئاگرو خۆڵ‌و ئاوو عەشق
خودا نیشانەیەكی دەروونی خۆی پێشكەش كردم
خەم لە ئەستێرە هەڵاتووەكانم بخۆم‌و لێیان بدوێم
دڵۆپێك خوێن لەدەنووكی هەڵۆ تكا
ئەو دڵۆپە
ژوورو بەر ژوورێكی دامێ لەماڵی ئاسوودەیی
شاعیران بەناو كلاورۆژنەی داهاتن
سەبەتەیەك گوڵی گیان‌و سەرواو كێشیان بەدەستەوە بوو
نان‌و ئاوم لەگەڵ بەشكردن
پاشان بەهرەو سرووش

تشرینی دووەمی 2006 هەولێر